KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:47 23-4-2007

# لەدەربەندیخان دوو ژنی قەرەج ئافرەتێک بی هۆش دەکەن و دزی لەماڵەکەیشی دەکەن ... پێشڕەو حەمید

دیمەن: وتم بەس مەم کوژن چیتان دەوی بیبەن

عەبدولرحمان: دیمەنیان کەلەپچەکردبوو و خۆم دەستیم کردەوە

دو ئافرەت کە (قەرەج) یان پێدەڵێن لەرۆژی (2007/4/19) و لەکات ژمێر (2:30) ی باش نیوەڕۆ دەچنە بەردەرگا ماڵی هاولاتی (عەبدولرەحمان محمد) لە گەڕەکی شارەوانی و خێزانەکەی عەبدولرحمان کەناوی (دیمەن) ە دەرگایان لێدەکاتەوە بەخێرهاتنیان دەکات و ئەوانە داوای یارمەتی دەکەن و لەگەڵ ڕۆشتنی دیمەن دا بۆ ژورەوە ئەوانیش شوێنی دەکەون دەچنە ژورەو دوو قەرەجەکە بەبی ترس بە (دیمەن) دەڵێن چیت هەیە لە پارەو ئاڵتون هەرئێستا بۆ مانی بهێنە، (دیمەن) دەڵێت: من بە و هەڕەشەیە زۆر ترسام بەشێوەیەك هیچ دەسەلاتێکم نەبوو لەگەڵ ئەوەشدا نەم توانی دەنگ بەرزبکەمەوە و داوای هاوکاری کردن لە ماڵە دراوسێکانی ترم بکەم؟! چونکە هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد دوو ئافرەت بەوشێوەیە و بەبی ترس بێنە ماڵەکەت و هەڕەشەت لێبکەن و بەئاشکرا دزیت لێبکەن، دییمەن بەردەوام دەبێت و دەڵی: زمان شکا و نەمتوانی قسە بکەم هەرئەوەندەم وت (مەم کوژن) تەنها (ئەنگوستیلە) یەك شك دەبەم و وا لەپەنجەمدایە فەرموون بیبەن!! بەڵام ئەوان دیار بوو زیاتریان دەویست، هەرئەوەندەم زانی یەکێکیان شوشەیەکی دەرمانی لەگیرفانی دەرهێنا و کردی بەسەرو چاومداو بە (پەنجە) ش بۆئەوەی دەرمانەکە بڕواتەلوتمەوە پەنجەیی کرد بەلوتمدا و ئیدی من ئاگام لەخۆم نەما و بورامەوە؟!.

(عەبولرەحمان) کە هاوسەری (دیمەن) ە، بەهەولێرپۆستی وت: من لە دەوامی ڕۆژانەی خۆم بووم نزیکەی کاتژمێر (3) سی دەبوو خیزانەکەم بەدەنگێکی تێکشکاوەوە وتی وەرەوە و ئیدی توانی قسەکردنی نەما و منیش زۆر ترسام و بەخێرای گەڕامەوە ماڵەوە، سەرەتا ویستم بچمە ژورەوە کەچی دەرگای (مەمەڕ) ەکەمان داخرابوو پاش تۆزێك دەبینم خێزانەکەم هەردوو دەستی لەپێشەوە بەستراوەتەوە و ئەو زۆر پی ی تیچك چووم خێزانەکەم هەرچۆن بوو کلیلەکانی لەژێر دەرگاکەوە بۆ خستمە دەرەوەو منیش دەرگام کردەوە و دەست بەجی دەستیم کردەوەو پرسیاری حاڵەتەکەم لێکرد ئەویش هەرچەندە باری تەندروستی تەواو نەبوو بەڵام هەرچۆن بوو چیرۆکەکەی بۆگێڕامەوە ویستم ئامادەیی بکەم و بیبیەمە نەخۆشخانە لەماوەی تەنها (4) چوار دەقیقەدا سی (3) جار ڕیشایەوە و پاشان بردمانە نەخۆشخانە لەوی پێیان گوتین کە دەبێت لە ژێرچاودێرری دا بێت ئەوە بوو بۆ ماوەی زیاتر لە (سی) کاتژمێر لە نەخۆشخانەمایەوە بەڵام تائێستاش سەری دێشێت و گەدەیشی تێك دەچی، عەبدولرحمان دەڵی لەو کاتەدا کە (دیمەن) ی خێزانم بوراوەتەوە، قەرەجەکان تەوای ماڵەکە گەڕابون بەشێوێن پارەو ئاڵتوندا بەڵام جگەلە (ئەنگوستیلە) کەی پەنجەی شتی تریان نەبردوە ئەوەندەی ئێمە بزانین، لەگەڵ ئەوشدا بڕێك ئاڵتون لەماڵەوە دا هەبوو بەڵام ئەوان بەشێونەکەیان نەزانی بوو بۆ نەبراوە، کاتێك دایکی منداڵەکانم بەهۆشی خۆی دێتەوە دەست دەکات بەگریان و هەرلەو کاتەشدا منداڵەکانم بەخەبەردێن، لەپرسیارێکماندا لەوەی چۆن دەزانن ئەو دوو ئافرەتە قەرج بون (عەبدولرەحمان) وتی: وەك ئەوەی (دیمەن) باسی کرد ئەو دوو ئافرەتە تەواوی ڕوخساریان بەخاڵ کوترابوو و وە ڕوخسارێکی نامۆشیان هەبووە و ئەسمەربون، عەبدولرەحمان دەلی ئێمەسکالاّمان تۆمار کردو وەو زاڵگەکانیشمان لەو مەسەلەیە ئاگادار کردو وەتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.